# پێغەمبەری خودا -صلى الله عليه وسلم- پیاوێکی بینی بە تەنها دانیشتبوو و لەگەڵ خەڵکی نوێژی نەکرد، پێی فەرموو: ئەی فڵان، چی ڕێگر بوو لەوەی کە لەگەڵ خەڵیکدا نوێژ بکەیت؟ ئەویش ووتی: ئەی پێغەمبەری خودا تووشی لەشگرانی بووم، وئاوم دەستنەکەوت، ئەویش فەرمووی: خاکی پاک بەکاربهێنە، وئەمە بەسە بۆت

لە عیمرانی کوڕی حوصەینەوە -ڕەزای خوایان لێبێت- دەڵێت: «پێغەمبەری خودا -صلى الله عليه وسلم- پیاوێکی بینی بە تەنها دانیشتبوو و لەگەڵ خەڵکی نوێژی نەکرد، پێی فەرموو: «ئەی فڵان، چی ڕێگر بوو لەوەی کە لەگەڵ خەڵیکدا نوێژ بکەیت؟»، ئەویش ووتی: ئەی پێغەمبەری خودا تووشی لەشگرانی بووم، وئاوم دەستنەکەوت (بۆ ئەوەی خۆمی پێبشۆم)، ئەویش -صلى الله عليه وسلم- فەرمووی: «خاکی پاک بەکاربهێنە (بۆ تەیەموم کردن)، وئەمە بەسە بۆت».

[صەحیحە] [بوخاری و موسلیم هاوڕان لەسەری]

پێغەمبەر -صلى الله عليه وسلم- نوێژی بەیانی لەگەڵ هاوەڵانی ئەنجامدا، کاتێک نوێژەکە تەواو بوو بینی پیاوێک بە تەنهایە ونوێژی لە گەڵ خەڵکی نەکردووە، بۆیە بەهۆی نەرم ونیانی پێغەمبەر -صلى الله عليه وسلم- وجوانی شێوازی بانگەوازی کردنی بۆ لای خوای گەورە؛ ڕەخنەی لێنەگرت ولێی توڕە نەبوو بەهۆی ئەوەی کە لەگەڵ خەڵکی نوێژی نەکردووە هەتا هۆکاری ئەم کارەی بزانێت، پێی فەرموو: ئەی فڵان، چی شتێک ڕێگر بوو لەوەی لەگەڵ خەڵکی نوێژ بکەیت؟ ئەویش (پیاوەکە) بیانووەکەی (عوزرەکەی) بۆ پێغەمبەر -صلى الله عليه وسلم- باسکرد ئەویش ئەوەیە تووشی لەشگرانی بووە وئاوی دەستناکەوێت بۆ ئەوەی خۆی پێ بشوات، بۆیە نوێژەکەی دواخست هەتاوەکو ئاوی دەستدکەوێت، بەڵام پێغەمبەر -صلى الله عليه وسلم- پێی فەرموو خوای گەورە بەهۆی ڕەحم وبەزەیی هاتنەوەی بە بەندەکانی؛ ڕێگەی بە بەکارهێنانی شتێک داوە کە شوێنی ئاو بگرێتەوە، ئەویش بریتیە لە خۆڵ (خاکی پاک)، بۆیە بەکاریبهێنە (بۆ تەیەموم کردن)، وبەسە بۆت وشوێنی ئاوەکە دەگرێتەوە.

https://sunnah.global/hadeeth/ku/show/3051